فیقهی ئاسان: پەرتووکی مامەڵەکان: دەروازەی سیازدەیەم: شوفعە ودراوسێیەتی

الفقه الميسر: كتاب المعاملات: الباب الثالث عشر: الشفعة والجوار

< kurdish - كردي - كوردی >

# دەستە بژێرێک لە زانایان

نخبة من العلماء

وەرگێڕانی: حاجی ئومێد عومەر چرۆستانی

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

ترجمة : أوميد عمر علي الجروستاني

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

# شوفعه ودراوسێیەتی

سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان وە درود وصەڵات وسەلام بۆ سەر موحەممەدی کوڕی عەبدوڵڵا و ئال وبەیت و یار ویاوەر و شوێنکەوتوانی هەتا هەتایە .

بەڕیزان و خۆشەویستان لە چوار چێوەی بابەتی مامەڵە داراییەکان، جارێکی تر هاتینەوە خزمەت ئێوەی بەرێز، ئەمجارە بەیارمەتی خوای گەورە لەبارەی شوفعە ودراوسێیەتی چوار بابەتتان بۆ باسدەکەین، بابەتی یەکەم : مانا ومەبەستی شوفعە وبەڵگەی مەشروعیەت ودروستی، بابەتی دووەم: ئەحکامەکانی پەیوەست بە شوفعە، بابەتی سێهەم : چەند حوکمێکی دراوسێیەتی، بابەتی چوارەم : لەبارەی ڕێگاکانەوە .

### بابەتی یەکەم : مانا ومەبەستی شوفعه و بەڵگەی مەشروعیەت ودروستی .

1- **مانا ومەبەستی شوفعه** : ئەوەیە شەریکێك بەشی شەریکەکەی بگێڕێتەوە بۆ خۆی بەو نرخەی کە فرۆشتویەتی بە کەسێکی تر، بۆیە ئەم ناوەشی لێنراوە چونکە هاوڕێ و هاوبەشەکەی ماڵە فرۆشراوەکەی گێڕایەوە و جووتی کردەوە بە موڵکەکەی خۆیەوە پاش ئەوەی کە پێشتر تەنها خاوەنی بەشەکەی خۆی بوو، وە ووتراویشە کە مەبەست لە شوفعە مافی مۆڵکدرای زۆرەملێیە بۆ هاوبەش و شەریکێکی کۆن بەسەر هاوبەش و شەریکێکی نوێدا، بەهۆی ئەوەی کە ئەو شەریك وهاوبەشەی کە موڵکداریەکەی بۆ خۆی گێڕاوەتەوە لە پێشترە بە کەسانێکی تر کە تازە دێن بەشی هاوبەشە کۆنەکەی دەکڕن، لەبەر ئەوەی تووشی زیان نەبێت، کە پێدەچێت حەزی بە هاوبەشی و شەریکی نوێ نەبێت، بۆیە ئەو لە پێشترە بە کڕینی ئەو بەشەی هاوبەشەکەی خۆی .

2- بەڵگەی مەشروعیەت و دروستی شوفعە :

ئەصڵ و بنەما لە مەشروعیەت ودروستی شوفعە ئەو فەرموودەیەیە کە جابری کوڕی عەبدوڵڵا ( خوای لێ ڕازی بێت ) دەیگێڕێتەوە ودەڵێت : { قضى رسول الله ( صلى الله عليه وسلم ) بالشفعة في كل ما لم يقسم، فإذا وقعت الحدود وصرفت الطرق فلا شفعة } [1] .

واتا : پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) شوفعەی داناوە لە هەموو شتێکدا کە هاوبەش بێت ودابەش نەکرابێت ، بەڵام ئەگەر سنوور دانراو ڕێگاو بان دیاری کرا ئیتر مافی شوفعە و هەڵگرتنەوە نامێنێت .

لە ڕیوایەتێکی تردا هاتووە : { قَضَى رَسُولُ اللَّهِ ( صلى الله عليه وسلم ) بِالشُّفْعَةِ فِي كُلِّ شِرْكَةٍ لَمْ تُقْسَمْ رَبْعَةٍ أَوْ حَائِطٍ, لاَ يَحِلُّ لَهُ أَنْ يَبِيعَ حَتَّى يُؤْذِنَ شَرِيكَهُ فَإِنْ شَاءَ أَخَذَ وَإِنْ شَاءَ تَرَكَ فَإِذَا بَاعَ وَلَمْ يُؤْذِنْهُ فَهْوَ أَحَقُّ بِهِ } [2] .

واتا : پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) حوکمی بە شوفعە و هەڵگرتنەوە کرد لەهەموو شتێکی هاوبەشدا کە بەش نەکرابێت، خانوو و زەوی بێت یا باخ و بێستان بێت، دروست نییە بۆی بیفرۆشێت هەتا شەریکەکەی مۆڵەتی نەدات، جا ئەگەر شەریکەکەی ویستی هەڵیگرێتەوە ئەوە ئەو مافەی هەیە، وە ئەگەر نەیویست وازی لێ دەهێنێت، وە ئەگەر فرۆشتی و پرسی بە شەریکەکەی نەکرد ئەوا شەریکەکە لە پێشترە کە ئەو موڵکە هەڵیگرێتەوە بۆ خۆی .

هەروەها هاتووە کە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی : { جار الدار أحق بالدار } [3] .

(1) بوخاری بە فەرموودەی ژمارە (2257) و موسلیم بە فەرموودەی ژمارە (1229) ڕیوایەتیان کردووە، لەفزەکەش لەفزی بوخاریە .

(2) موسلیم بە فەرموودەی ژمارە (1608) ڕیوایەتی کردووە، مەبەست لە ووشەی (الربعة والربع : خانوو و ماڵ وزەوی بە ڕەهای دەگرێتەوە ) .

(3) تیرموذی بە فەرموودەی ژمارە (1368) ڕیوایەتی کردووە، وە تیرموذی ووتویەتی : ئەم فەرموودەیە فەرموودەیەکی حەسەنی صەحیحە، هەروەها ئەبو داود بە فەرموودەی ژمارە (3517) ڕیوایەتی کردووە، بەڵام لەفزەکە لەفزی تیرموذیە، شێخ ئەلبانیش بە فەرموودەیەکی صەحیحی داناوە، بڕوانە : الإرواء : فەرموودەی ژمارە (1539).

واتا : دراوسێی خانوو لە پێشترە بەو خانووەی ئەگەر فرۆشرا، واتا : ئەگەر هاتوو کەسێك خانووەکەی فرۆشت ئەوا دراوسێکەی لەپێشترە بە بکڕینی ئەو خانووە لەو کەسەی کە پێی دەفرۆشرێت .

هەروەها زانایانیش کۆدەنگن لەسەر جێگیر بوونی مافی شوفعە و هەڵگرتنەوەی ئەو موڵکەی کە بەش نەکراوە لە زەوی و زار وخانوو و پەرژین، بۆ شەریك وهاوبەشی کەسی فرۆشیار . بەمەش ڕوون بویەوە کە شوفعە و مافی هەڵگرتنەوەی موڵك بە سوننەت و کۆدەنگی زانایان جێگیر بووە .

**بابەتی دووەم : ئەحکامەکانی پەیوەست بە شوفعە .**

1-دروست نیە کە شەریك وهاوبەش بەشە موڵکی خۆی بفرۆشێت هەتاوەکو مۆڵەت لە شەریکەکەی وەردەگرێت، چونکە ئەگەر هاتوو بەشەکەی خۆی فرۆشت و مۆڵەتی لە شەریکەکەی وەرنەگرت، ئەوا شەریکەکەی لە پێشترە بە کڕین وهەڵگرتنەوەی ئەو بەشەی کە فرۆشراوە .

2-شوفعە وهەڵگرتنەوەی موڵك لە غەیری زەوی وزار و وخانوو بەرەدا جێگیر نابێت، وەك ئەو کەلو وپەل وکالانەی کە دەگوازرێنەوە، لە ئاژەڵ وهاوشێوەکانی .

3-شوفعە مافێکی شەرعیە و شەریعەتی ئیسلام داویەتی بەو هاوبەش وشەریکەی کە موڵکێکی هاوبەشی هەیە لەگەڵ کەسێکی تردا، بۆیە دروست نیە بە هیچ جۆرە فڕ وفێڵێك هەوڵی بەتاڵ کردنەوەی بدرێت، چونکە شوفعە دانراوە تاوەکو شەریك وهاوبەشە موڵك دوچاری زیان نەبێت بە فرۆشتنی ئەو موڵکە بەکەسێکی تر، کە پێدەچێت لەگەڵیدا نەگونجێت .

4-شوفعە جێگیر بووە بۆ شەریك وهاوبەشە موڵکەکان هەر کەسێك بە ئەندازەی بەشە موڵکی خۆی، جا بۆیە هەرکەسێك شوفعەی بۆ جێگیر بوو ئەوا بەو نرخە هەڵیدەگرێتەوە کە فرۆشراوە بە کەسێکی تر، جا ئەو نرخە بە نەخت وکاش بێت یان بە قەرز و پارەی دوخراو بێت ؟

5-شوفعە کاتێك جێگیر دەبێت بۆ هاوبەشێك کە هاوبەشەکەی بەشەکەی خۆی بە فرۆشتنێکی صەریح و بێ پێچ وپەنا یان فرۆشتنێکی هاوشێوەی ئەوە فرۆشتبێت بە کەسێکی تر، چونکە شوفعە جێگیر نابێت ئەگەر هاوبەشە موڵکەکەی بەشەکەی خۆی نەفرۆشتبێت، وەك ئەوەی کە بەشەکەی هۆی بەخشی بێت بە کەسێکی تر بە بێ پارە و بریتی وەرگرتن، یان بەهۆی میراتەوە بۆ کەسێکی تر گوازرابێتەوە، یان وەصیەتی کرد بێت بۆ کەسێك یان لایەنێکی تر .

6-ئەو خانوو و زەوی وزارەی کە شوفعەی تێدا جێگیرە، دەبێت شایستەی دابەش کردن بێت، چونکە شوفعە لە شتێکدا نیە کە دابەش نەکرێت، وەك حەمام و گەرماوێکی بچوك، یان بیرە ئاوێك، یان ڕێگا وبانێك ؟

7-هەرکە هاوبەشە موڵك زانی کە شەریکەکەی بەشەکەی خۆی فرۆشتووە، شوفعەکەی بۆ جێگیر دەبێت ودەبێت خێرا داوای کڕینەوەی بکات، چونکە ئەگەر ئاگاداری فرۆشتنی بەشی شەریکەکەی بوو، بەڵام بێدەنگ بوو لێی، ئەوا دواتر مافی ئەوەی نیە داوای هەڵگرتنەوەی بکات، کاتێك نەبێت کە زانیاری بە مافی شوفعە بوونەکەی خۆی نەبێت، یان لەبەر عوزرێکی مەعقول داواکردنی گێرانەوەی بەشی شەریکەکەی دواخستبێت، وەك ئەوەی نەزان بوو بێت بە ئەحکامەکانی شوفعە لە ئیسلامدا، یان هەر عوزرێکی شەرعی تر، کە زانایان بە عوزرێکی دروستیان ژماردبێت .

8-جێگا و مەحەلی شوفعە ئەو زەوی وزارەیە کە بەش نەکراوە، یان سنوری هەریەك لە هاوبەشەکان دیاری نەکراوە لەو دار ودرەخت وخانوو بینایەی کە سەر بە موڵکی هاوبەشەکانە، جا ئەگەر هاتوو دابەشکرا، بەڵام ئەگەر هاتوو هەندێك لە خزمەتگوزاریەکانی دابەش نەکرا، وەك ڕێگا وبان و ئاو وهاوشێوەکانیان، لەم کاتەدا شوفعە و هەڵگرتنەوە لەسە ڕای ڕاستر و پەسەندتری زانایان هەر دەمێنێت .

9-ئەو هاوبەشەی کە داوای هەڵگرتنەوەی ئەو بەشە دەکات کە شەریکەکەی فرشتویەتی، دەبێت هەمووی هەڵگرێتەوە، نابێت بڵێت من هەندێکی هەڵدەگرمەوە و واز لە هەندێکی تری دەهێنم، ئەویش بۆ ئەوەی کڕیارەکە دوچاری زیان نەبێت .

**بابەتی سێهەم : چەند حوکمێکی دراوسێیەتی :**

دراوسێ مافی هەیە بەسەر دراوسێکەیەوە، هەر بۆیە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) وەصیەتی کردووە بۆ دراوسێ وهاوسێ ماڵ تا ئەو ڕادەیەی کە نزیك بوو دراوسێ میرات لە دراوسێکەی بگرێت، بۆیە ئەگەر هاتوو دراوسێیەك پێویستی بەوە هەبوو دراوسێکەی یارمەتی و کۆمەکی بێت لە تێپەڕ کردنی جۆگای ئاوی کشتوکاڵەکەی لە زەویەکەی ئەوەوە، یان ڕێگایەکی بۆ بهێڵێتەوە بۆ هاتوچۆکردنی زەویەکەی، یان هێڵێ کارەبا تێپەڕ بکات بەسەر ماڵەکەی ئەودا تاوەکو دەگاتە ماڵی خۆی، وهاوشێوەی ئەمانە، ئەوا دەبێت دراوسێکەی یارمەتی بدات و مۆڵەتی ئەوانەی پێ بدات، جا ئەوە بە بەرامبەر بێت یان بێ بەرامبەر، هەروەها دروست نیە مرۆڤ گۆڕانکاریەکی وا بکات لە موڵك و ماڵی کە زیان بدات لە دراوسێکەی، وەك ئەوەی پەنجەرەیەك بکاتەوە کە بڕوانێت بەسەر حەوشە و ماڵی دراوسێکەیدا، یان کارگەیەك لە ماڵەکەیدا بکاتەوە و شەو وڕۆژ بەدەنگە دەنگە و تەقە تەق دراوسێکەی وەڕەس بکات، و هەر شتێکی تری لەم شێوانە، جا ئەگەر هاتوو دیوارێکی هاوبەش لە نێوان دوو دراوسێدا هەبوو، نابێت دراوسێیەکیان هەرچی هەیە لە دار وپەرتوو بیخاتە سەر ئەو دیوارەی نێوانیان مەگەر بۆ کارێکی پێویست و زەرور نەبێت، وەك ئەوەی پێویستی بەوە هەبێت کە تەختەیەك بخاتە سەر ئەو دیوارە لەکاتی سەقف کردندا، بۆیە لەو کاتەدا نابێت دراوسێ ڕیگری بکات لە دراوسێکەی، بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی : { لا يمنع جار جاره أن يغرز خشبة في جداره } [1] .

---

[1] بوخاری بە فەرموودەی ژمارە (2257) و موسلیم بە فەرموودەی ژمارە (1229) ڕیوایەتیان کردووە، لەفزەکەش لەفزی بوخاریە .

واتا : نابێت دراوسێ ڕێگری بكات لە دراوسێكەی كاتێك كە بیەوێت تەختەیەك بخاتە سەر دیواری مەڵەكەی .

بابەتی چوارەم : لەبارەی ڕێگاكانەوە :

1-دروست نیە مرۆڤی موسڵمان، موسڵمانان ئازار ونارەحەت بكات لە ڕێگا وبان و هاتوچۆیاندا .

2-دروست نیە مرۆڤ گۆڕانكاریەكی وا بكات لە موڵك ومالێدا كە ببێت بەهۆی ڕێگا تەسك كردنەوە و نارەحەت كردنیان .

3-دروست نیە لە سەر ڕێگای هاتوچۆی خەڵكی وولاخەكەی ببەستێتەوە، یان ئۆتۆمبیلەكەی ڕابگرێت .

4-ڕێگا وبان مافی گشتی هەموو خەڵكە، بۆیە دەبێت پارێزگاری لێ بكرێت لە تەواوی ئەو شتانەی كە زیان بە هاتوچۆكەران دەگەیەنێت، وەك ئەوەی زبڵ و پاشماوەی خۆڵ وخاشاك وهاوشێوەكانیان بخرێتە سەر ڕێگای خەڵكی، چونكە لادان ولابردنی ئەزیەت وئازار لەسەر ڕێگا خەڵكی بەشێكە لە بەشەكانی ئیمان وباوەڕ .

[لەخوای گەورە و میهرەبان داواكارین كە بە فەزڵ وبەخشندەیی خۆی یارمەتیمان بدات كە هاوسێ ودراوسێیەكی باش بین لەگەڵ دراوسێكانماندا، وە ڕێنیشاندەریشمان بێت كە بەدەست وزمانمان ئەزیەت و ئازاری موسڵمانان نەدەین، ونەبینە مایەی دروست كردنی نارەحەتی بۆیان] وەرگێڕ

وصلى الله وسلم على سيدنا محمد وعلى آله وصحبه وسلم